مەهاباد قەرەداغی

# دیسان دەسەڵات و ، دیسان ڕووناکبیر!

## شاکارنامە

نامەی ژمارە:2

**شاکار گیان،**

**گۆم هەتا قووڵ بێت مەلەی خۆشترە! ئەمە پەندێکی کوردییە و خستومەتە تاقیکردنەوەشەوە و دروست وابووە. کە لە ناو گۆمێک، یان دەریاچەیەکی بچووک مەلە دەکەی، پێت وایە موگناتیسی زەمین بەرەو خۆی کێشت دەکات، لەختت قورس دەبێت و لە هەوڵی هاوسەنگراگرتن و سەرئاوکەوتن، ماندوو دەبیت، وەلێ کە لە دەریادا مەلە دەکەی هەست دەکەی موگناتیسی ئاسمان ڕاتدەکێشێت، جەستە و ڕۆحت سووک دەبنەوە و خۆت وەک باڵندەیەکی ئازاد دەبینی لە کاتی فریندا. فرین بە بێ باڵ، مەحاڵە، وەلێ مەرج نییە باڵندە بیت بۆ ئەوەی بیر لە فرین بکەیتەوە، مەرج نییە تەنها ئاسمان بە مەیدانی فرین بزانی. تۆ تەنها بوێرە خۆت بدەی بە دەم شەپۆلەکانی دەریا، یان ڕووەو شەپۆلەکانی ئۆقیانووس مەلە بکە، دەبینی چۆن دەستەکانت دەبن بە باڵ، هەست دەکەی ڕووبەری دەریا دەبێتە ئاسمانێکی ساماڵ.**

**دیسانەوە لە سەر ڕۆشنبیر و دەسەڵات بۆت دەدوێم، وەلێ بارانی پەیڤەکانی ئەمجارە لە هەورێکی جیاوازترەوە دەبارێن. ئەم هەورە بۆیە جودایە ئاسان نییە بە چاو بیبینیت،پێش بارین گرمەگرم ناکات، تریشقەی ئاگرینی لەگەڵدا نییە ، لە ئاسمانێکی ساماڵەوە دەبارێت و هێندە نەرم و نیان دادەکات زەوی پڕ دەکات لە شینایییەکی هێمن بێ ئەوەی هەستی پێ بکرێت. ئاسمان دوای ئەو بارینە هەموو ڕەنگەکانی پەلکەزێرینە بە پرچی درێژ و زیوینی خۆیانەوە دەبەستنەوە. بارانێکە کەلە چاڵاوگەکانی دەروونداا کۆ دەبێتەوە و کەتینوویەکی ڕاستەقینە مژی پێوە دەنێت، فەرامۆشی بە ڕۆحی دا دەهێنێت. سیحر نییە ئەو بارانە ، وەلێ دەتوانێ ببێتە ئاوێنە و ئەدگاری ڕاستەقینەی پیاوەکانی مێژووی ڕابردوو پیشانی پیاوەکانی مێژووی داهاتوو بدات.**

**ماوەیەک پێش ئێستا لە کەناڵێکی تیڤییەوە بەرنامەیەک سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ڕۆشنفیکر و دەسەڵات ڕاستەوخۆ پەخش دەکرایەوە. یەکێک لەو نووسەرانەی کە لە نێو پانتایی ڕۆشنبیری ئێمەدا بە نیمچە فەیلەسووف دەزانرێت و هەن دەرویش ئاسا بە دووی وشەکانیەوەن، لە پێناسەیدا بۆ ڕووناکبیر ئاوا دەستی پێکرد: ڕۆشنبیر ئەو پیاوەیە.....**
**لێرەدا مەبەستم ئەوە نییە ڕەخنە لەو زاتە "وەک کەس" بگرم ، بۆیە بە پێویستی نازانم ناوی ببەم، بەڵکە قسەی من لەسەر قسەکانیەتی، لەسەر پێناسەکەی ئەو بۆ ڕووناکبیر، چونکە بە ڕاستی نووسەرانی**

دیکەش هەن لە پانتایی ڕۆشنبیری کوردیدا کە دەڵێن ڕۆشنبیر بە تەنیا پیاو لەو مەیدانەدا دەبینن. کە ناوی ئەو ڕووناکبیرە نابەم مەبەستم هەیە، دەمەوێ فێربین فیکر و بابەتەکان بکەینە ئامانجی ڕەخنە نەک ڕەنگ و ڕووی یەکتری. دەخوازم ئەو نەریتە بشکێ کە داهات و لە کۆڵ نابێتەوە، ئەوەندەی لەسەر کەسەکە دەدوێین بیر و بۆچوونی لەبیر دەکەین. قسەی من لەسەر بیرەکەیە، لەسەر ئەو چەمکە بەهەڵە پێناسەکراوە. ئەو بە تەنها نییە کە پێی وا بێت، کەسانی تریش هەن وا لەو پانتاییە دەڕوانن. لە لای ئەوان تەنها پیاو دەچێتە نێو ئەو پێناسەیەوە کە خۆیان چوارچێوەیان بۆی کێشاوە و ڕۆشنبیریان تێئاخنیووە. بە لای ئەوانەوە توخمی تر ئەگەر هەشبێت لە پەراوێزی ئەو پانتاییەدایە و پێناسەکە نایگرێتەوە. ئەوێ بە تاکە چاوێ بڕوانێت و، بە نیوو ئاوەز بیر لە ڕووناکبیر بکاتەوە، کەچی خۆی پێ فوول ڕووناکبیر بێ، دەبێ چ پێناسەیەک بیگرێتەوە؟ لە لای من ڕادەی ڕۆشنبیری هەموو ئەو جۆرە ڕۆشنفیکرانە دەچێتە ژێر پرسیارەوە، با دنیایەک نووسین و قسەی زلیشیان کردبێت، ناتوانم گومان نەکەم لە ڕێژەی ڕووناکییەکەی بیریان!

ئەو هاوڕێیەمان کەوا دەپەیقێت، سیمۆن دی بۆڤوار، مارلی فرەنچ، سایلە بن هەبیب، ئاگاتا کرستی، دۆرەتی دیکس، نانسی ئەستۆر، گلۆریا شتاین، هێلین ڕۆلاند، ئێلین کی، ستانیسلاڤ جێرزی، ماری میکارتی، تۆنی مۆریسۆن، ڕۆزا کێنیدی، ئانا مارتینیز، ئانا فرۆید، نینا بیۆرک، سەلمە لاگەلویف، باربارا کاستڵ،ماریلین دیتریچ، نینا لێکاندەر، مای وێست، هێلین هایس، ڕۆزا لۆکسومبورک، ئەلێکساندرا کۆلۆنتای، نەوال سەعداوی، غادە سەممان و .. ئەوانی دی لە ناوی درەوشاوەی ژنانی ڕووناکبیر و بیرمەند..، لەبیر دەکات.

خۆ ئەگەر ئەو ژنی کوردی پێ ڕۆشنبیر نییە، دەبوو "هیچ نەبێت" نووسەر و ڕووناکبیرەکانی جیهان و دەوروبەری کوردستان لەبیر نەکات. کە چاوی ئەمانە نابینێت، مانای ئەوەیە کاتێ بیر دەکاتەوە چرای لە نیوەی بیری خۆی هەڵنەکردووە و نیوەی بیری بە تاریکی ماوەتەوە، کەواتە کەی ئەو فوول ڕووناکبیرە؟! هەق نییە بەم پێناسەیەدا بچنەوە و هەر خۆیان هەڵیوەشێننەوە؟ چاکتر وا نییە، بە هەموو ئاوەزیان نەک نیووەی، بیر بکەنەوە و ئینجا پێناسەی ڕۆشنبیر بکەن؟!

سەبارەت بە لەبیرکردنی ڕۆڵی ژنانی کوردی ڕووناکبیر ڕاستییەکیش هەیە و نابێت فەرامۆشی بکەم."ئەگەرچی هۆکاری یەکجار زۆرە و ڕەنگە لە داهاتوودا بۆتیان باس بکەم"، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە بە ژمارە هێندە کەمن کە هەقە بە تەواوەتی جێگەی نیگەرانی هەمووماﻥ بێت. ئایا لە چل ملیۆن کورد دا چوارسەد نووسەری ئافرەت هەیە کە دابشبووبنە سەر هەموو بوارە مەعریفییەکان و داهێنانەکانیان بە هەزاران بێت و کتێبخانەکانی ڕۆشن کردبێتەوە؟ ئەگەر وەڵامەکە نەخێر بێت "کە مەخابن وایە" ئیدی مانای ئەوەیە ژن لە کۆمەڵگەی کورددا چەند نائازادە؟ چەند بێدەرفەتە؟ چەند بێباوەڕ کراوە بە خۆی و چەند ترسێندراوە لە هاتنەگۆ و پەیڤین! تەنانەت کە پێناسەبەدەریشی دەکەن نایەتەگۆ!

- ئێمە چاوەڕێی چین؟!
- بە تەماین کەی بپەیڤین؟

- ئاخۆ کەی دەویرین ڕووەو شەپۆلەکانی ئۆقیانووس ئاڤژەنی بکەین و لە خنکان نەترسین؟!
- تا کەی لە ناو گۆمدا مەلە بکەین و موگناتیسی زەوی ڕامانکیشێتە پەنا نادیارەکانەوە؟
- بۆ نەبینە مەلەوانی نێو ئۆقیانووس و مەلەیەکی فرێنئاسا دەستەکانمان بکاتە باڵ؟!

ڕەنگە یەکێک بێت و بڵێت وانییە و ئەمانە تەنها لێکدانەوەی خۆتن و ژنی کورد ئازادە، بواری بۆ فەراهام کراوە، لە ژنانی وڵاتانی دراوسێ ئازاتر و جەربەزەترە و چی و چی دیکەش بڵێت. ئاخر زۆر خۆمانمان بە پەسنی ڕۆژهەڵاتناس و گەشتیارەکان خاپاند، با ئیدی خۆخاپاندن بەس بێت. خۆمان لە ڕیاڵیتە و ڕاستییە تاڵەکان بدوێین، بۆ ئەوەی ڕیاڵیتە بگۆڕین و ڕاستییەکانیش شیرین بکەینەوە.

ئەمە کێشەیەکی جیدییە و پێویستی بە چارەسەرە. ئەگەر ژنانی کورد خۆیان بیری لێنەکەنەوە و چارەسەری نەکەن، کەسی دیکە نایەت چارەسەری بکات. ساڵانی حەفتاکان، گرفتی میللەتێک کە ئافرەتی بوێری نەبوو بێتە سەرشانۆ، لە لایەن شانۆکاران و هونەرمەندانی پیاوەوە گرفتەکە بەو شێوەیە چارەسەر کرا کە (پیاو ڕۆڵی ژن ببینێ لەسەر شانۆدا، جلی ژنانە لەبەر کات، سمێڵی خۆی بتاشێت، مەمکی درۆینە بۆخۆی دروست بکات و دەنگی گڕی خۆی ناسک بکاتەوە).

- بەڵام ئایا گرفتەکە بەوە چارەسەر بوو؟
- ئەوە سیمای خۆشیان گۆڕی ، توانییان ناوەڕۆک و ناخی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە ئافرەت؟
- ئەوە مەمکی پلاستیکیشیان بۆ خۆیان دروست کرد، دەتوانن منداڵدان بۆ خۆیان دروست بکەن؟
- ئەوە قژی خۆشیان درێژکرد و بەسەر شان و ملدا پەخشانیان کرد، توانیان بە ئاوەزی ژن (کە خوڵقێنەری مرۆڤە)، مرۆڤ ببینن و پێناسەی بکەن؟
- توانیان بە چاوی ژن دنیا ببینن؟

ئایا ئەگەر ژنانی بوێر و باوەڕبەخۆی وەک نەرمین ناکام، بەدیعە دارتاش و گەزیزە عومەر و چەندانی دیکەی ئازاد و ڕۆشنبیر بەو هێزەوە پێیان نەکوتایەتە سەر شانۆی کوردی و سەقامگیریان نەکردبا، گرفتی ئافرەت لە شانۆی کوردی چارەسەر دەبوو؟ لە دوای ئەم پێشەنگانە، سەدان کچی کورد لە ئەکادیمیای هونەرە جوانەکاندا بە شانازییەوە خۆیان بۆ بواری شانۆ پەروەردەکرد و ئێستا دەدرەوشێنەوە.

لە نێو پانتایی دنیای ڕووناکبیری و نووسینیشدا، لە دنیاشدا هەر وایە کە دوو توێژ هەیە، ڕەنگە ئەگەر پێشتریش وا پۆلێن نەکرابێت، ئەوە ئێستا من وا پۆلێنی دەکەم. ئەوانەی کە لەسەر دەسەڵاتدا بوون "دەسەڵاتی ڕۆشنبیری"، پیاو بوون و، ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵات بوون ئافرەت بوون.

ئەوانەی نێودەسەڵاتی ڕۆشنبیری هەمیشە هەوڵ دەدەن ڕۆڵی ئەوانی دیکەی کە لە دەرەوەی دەسەڵاتن بخەنە پەراوێزەوە. پیاوانی ڕووناکبیری کوردیش "پەنجەنەژمارێکی لێ دەربچێت" ئەم ڕۆڵە بە زانابییەوە دەلەیزن و گوتارێکی نێرسالاری واش دەدەنە دەرەوە کە گوزارە بێت لەو مەیلی خۆخوازییەی کە هەژمونی ئەوان دەیخوازێ. مەخابن لەم بوارەدا چینی دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوانیش "کەئافرەتانی نووسەرن"

بەرهەڵستییەکی جیدییان نەبووە. بەرهەڵستی لێرەدا بەو مانایە بەکار نابەم کەهەرا یان شۆڕش هەڵگیرسێنین و دژبە دەسەلات بوەستینەوە."ئاخر هەن فرسەت دەهێنن و بە شیکردنەوەی نالۆژیکی قسەکان دەشێوێنن و بە مەیلی خۆیان لێکی دەدەنەوە و بە "ئەنتی پیاو" ناوزەدی دەکەن". مەبەستی من لە دروستکردنی بەرهەڵستی ئەوەیە کە هێندە بەرهەمی فیکری و مەعریفیمان هەبێت کە ئیدی کەس نەتوانێ فەرامۆشی ئەو رۆڵە بکات کە ئێمە لە پانتایی رووناکبیری کوردیدا دەیبینین. ئەو بەرهەڵستییەش پێش هەموو شتێک گوتار دروستی دەکات، گوتارێکی ژنانە. کە دەڵێم گووتاری ژنانە، مەبەستم ئەوە نییە دەربرینەکان ناسک بن، یان تەنها باسی "مەمک و منداڵدان" بێت، بەڵکە گوزارە بن لە بیرێکی هەڵقولاو لە سەرچاوەی یەکسانیخوازی، مرۆڤپەروەری و دادپەروەری. ئەمەیە گوتاری ئافرەتانە، ئافرەتانێک کە نادادگەری گەردوونی و نابەرامبەری تووخمەکان ڕەت دەکەنەوە و پەیامێکیان هەیە بۆ چەسپاندنی خۆشەویستییەکی گەردوونی. گوتارە زەبرئامێزەکانی باوکسالاری هەڵدەوەشێننەوە و ئەڵتەرناتیڤێکی تری ئاشتیخوازانەدەخەنە ڕوو. لە نێو ئەو ئەڵتەرناتیڤە بە زمانێکی هەقبێژانە و بەڵگەدارەوە توخمی دەسەلاتدار ناچار دەکەن دەست لە هەژموونی نێرخوازانە بەردەن و، توخمی بێدەسەلاتی بێخوودیش ناچار دەکەن بیر لە ڕاچەنین بکەنەوە و بینەوە بە خوودی خۆیان.

مەرج نییە هەموو نووسەرێ ڕووناکبیر بێت، بەلام وەک نەریتێک توێژی نووسەران لە پێشەنگی ئەو کاروانەدا دادەنرێن کە ڕووناکبیران بەرەو پێشەوە دەیئاژوون. کوردیش کاروانێکی وای هەیە. لەم کاروانەدا ژنانی نووسەر کەوتوونەتە کوێوە؟ پرسیارەکە بە جۆرێکی تریش ڕەوایە، بۆ دەبێ ژنانی نووسەر زۆر بن و لەگەڵ ئەو کاروانەدا ڕەوڕەوەی پێشکەوتن بخولێننەوە؟

نووسین چییە؟

- بیرکردنەوەیە بە دەنگی بلند،
- دەربڕینی بیر ،هەست ،نەست و هۆشە بە پەیڤ،
- کردنی زمانە بە هی خۆ.

بیرکردنەوە سیفەتێ نییە پیاوانە بێت و ژن بۆی نەبێت بیکات، بەلام لەو سیفەتانەیە چونکە لە سایەیدا مرۆڤ گەشە دەکات، داهێنان دەکات، پلان دادەنێ، پلان تێک دەدات و هتد، بۆیە قۆرخکراوە بۆ توخمی دەسەلاتدار.

دەربڕین نەبێت، کوا دەتوانرێت بزانرێت کە بیرمان کردۆتەوە؟ بیرکردنەوە بە بێ بەکارهێنانی جۆرێک لە جۆرەکانی زمان، مانا نادا. مرۆ دەتوانێ ئەو بیرە بەژێیەکانی دەنگی خۆی دەربڕێت کاتێ دەپەیڤێ، یان بە نووکی پەنجەکانی خۆی کاتێ پێنووس بە دەستەوە دەگرێ و دەنووسێت و یاخوود ئامێرێکی مۆسیقا دەژەنێت. دەشتوانێ بە جووڵەی جەستە و بە سەما داستانێک بگێڕێتەوە، یانیش بە زمانی ئاماژە بدوێ، گرنگ ئەوەیە بیرکردنەوە بە ئامرازێکی دەربڕین بەیان بکرێت.

زمان، ئەگەر نەیکەی بە هی خۆت، دەتکات بە هی خاوەنەکەی. هی ئەو کەسەی کە دایهێناوە. ژن ئەگەر بە زمانی خۆی نەپەیڤێ، با بشنووسێ، هیچ نالێ و وەک ئەوە وایە زمان لە دەمیدا نەبێت.

ئەم ئامرازانەن کە بەکاربردنی هەڵەیان دەمانکات بە کۆیلە و داگیرکراو، بەکاربردنی درووستیشیان دەمانکات بە مرۆڤێکی ئازاد. پانتایی رۆشنبیری ئێمەش بیرکردنەوە، دەربرین و زمانێکی توخمیی بەسەردا سەپاندووین. ئەمەش رێک وەک پانتایی سیاسەت وایە، سەد ساڵ پێش ئێستا بەهۆی هەژموونی ئەو توخمەوە، ئەوان نیوەی کورسییەکانی پەرلەمانیان پڕ کردبوو، نیوەکەی تریشیان داگیرکردبوو. ئێستا لە وڵاتی وا هەیە کورسییە داگیرکراوەکان هەموویان ئازادکراون. لە سوێددا کە ئێستا ئێمەی تیادەژین، ژنانی سوێد 46% ی کورسییە داگیرکراوەکانیان ئازادکردووە و شەو ورۆژیشیان خستوەتە سەر یەک و تێدەکۆشن بۆ ئازادکردنی ئەو 4%ەی تریش.

ئەی ئێمەی ژنی کوردی ناسنامە داگیرکراو چی دەکەین؟
ئەی ئێمەی بێ پێناسە چی دەکەین؟
ئاخۆ شەو و رۆژمان ناوەتە سەر یەک و تێدەکۆشین بۆ ئازادکردنی ئەو ناسنامەیە، ئەو مێژووە دیل و زەلیلە؟

رۆڵەکەم.. تا دەتوانم هەوڵی خۆم دەدەم بە کردەوە بەرسڤی پرسیارە ئاڵۆزەکانی ئێستای مێژوو بدەمەوە، ئەگەر تەمەن رێگەی وەڵامدانەوەی هەندێکیانی نەدام، رۆحم چاوەڕێی ئەوەت لێ دەکات تۆ لە جیاتی من چ بە پەیڤ و چ بە کردار وەڵامیان بدەیتەوە. نە بترسە و نە شەرم بکە لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە، تێبکۆشە بۆ بەکردارکردنی بەرسڤەکان. رۆڵە با لەوەزیاتر کورسییەکان و ناسنامە و جەستە و بیر و بۆچوونمان داگیرنەکرێت. با شەوەکانمان هێندە درێژ نەبێتەوە کە خەوەکانمان لە هۆشخۆچوون بچێت. با رۆژەکانمان هێندە کورت نەکەینەوە کە بەشی بیرکردنەوە نەکات. با لە ئاو نەترسین و لە قووڵایی قووڵبینەوە، با لەبیرمان نەچێتەوە گۆم هەتا قووڵ بێت مەلەی خۆشترە.

تا نامەیەی داهاتوو، بە ئاسمانی فراوانت دەسپێرم.

...
ستۆکهۆڵم
2005/06/06